تاوحید

حەقی الله یە لەسەر بەندەکان

ئامادەکردنی :

دابان تەوحیدی

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الْحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْلَكُمْ

ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ...

أَمَّا بَعْدُ :

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صلى الله عليه وآله وسلم) ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ ..

پێشەکی

گرنگە چەند زانیاریەک لەبارەی **تەوحید** ـەوە بزانین ، چونکە نرخی **تەوحید** زۆر گران بەهایە ! لە پێناویدا چەندین لە پێغەمبەران کوژراون ، وە هەندێکی تریان زیندانی کراون وە بە درۆ خراونەتەوە ، وە گاڵتە و سـوکایەتیان پێ کـراوە ، وە لە خـاک و وولاتیان دەرکراون جا هیـچ چار نییە دەبێت قوربانی بدرێت : بۆ بـەرز کردنەوەی **تەوحید** !! جا تەوحید حەق و مافی **الله** ـیە لەسەر هەموو بەندەکان هەروەک لە فەرموودەکەی **معاذ** (الله لێی ڕازی بێت) هاتووە کاتێک **رسول الله** (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو : ئەی موعاز ئایا دەزانیت **حەق** و مافی **الله** لەسەر بەندەکانی چییە ؟ **موعاز** فەرمووی : **الله** و **پێغەمبەرەکەی زاناترن** ، **پێغەمبەریش** (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : **حەق** و مافی **الله** لەسەر بەندەکان ئەوەیە کە بە تاک و تەنهایی بیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن وە هیچ شتێک نەکەن بە شەریک و هاوبەش بۆی ،ئینجا فەرمووی : ئەی ئایا دەزانیت حەقی **بەندەکان** چییە لەسەر **الله** گەر هاوبەشیان بڕیار نەدا بۆی ؟ **موعاز** ـیش فەرمووی : **الله** و **پـێغەمبەرەکەی زاناتـرن** ، **پێغەمبەریش** (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : کەواتە **الله** ـش سزایان نادات .

- جا کەواتە ئێستا بۆت ڕوون بوویەوە کە حەقی **الله** لەسەر **بەندەکانی** بریتییە لە :

* بە تاک و تەنهایی بیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن
* هیچ شتـێک نـەکەن بە شەریک و هـاوبەش بۆی

وە لەم چەند وانەیەش بە پوختی باس لەم حەق و مافە دەکەین إن شاء الله

ئامادەکردنی : دابان تەوحیدی

نەخشاندنی : هیشام السني

وانـەی یەکـەم

یەکەم : واتای تەوحیـد

**تەوحیـــــــ

تەوحید لەڕووی شەرعەوە :

بریتییە لە بە تاکدانانی الله سبحانە وتعالی لە هەموو ئەو شتانەی کە تایبەتە بە خۆی لە : پەروەردگاری و پەرستنی و ناو و صیفاتەکانی " بێجگە لە الله تایبەت نەکرێت بە هیچ کەسێک و بە هیچ شتێکەوە " ، جا ئەوە بریتییە لە بە تاک دانانی الله تعالی لە کردارەکانی و پەرستنی و ناو و صیفاتەکانی , الله تعالی دەفەرموێت :

{ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيّاً}
واتە : کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندایە ، کەواتە بیپەرستە و زۆر خۆگر بە لە پەرستنیدا ئایا ئاگاداریت وێنەی ئەو (خودا) هەبێت .
[سورەتی مریم: 65 ـ تەفسیری پوختە]

1) جا ئەو ووتەیەی الله تعالی کە فەرمووی :

(رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا)
تایبەتمەندی الله سبحانە وتعالی ی تێدایە لە پەروەردگاریدا (الربوبية) ، چونکە هەر ئەو پەروەردگارە ، وە هیچ پەروەردگارێکی تر بێجگە لەو نییە .

2) وە ئەو ووتەیەی کە فەرمووی :

(فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی الله سبحانە وتعالی ی تێدایە لە پەرستنیدا

(الالوهية) ، جا هەر ئەو بە تاک و تەنها شایستە و مستەحەقی عیبادەت بۆ کردنە بەو شێوەیەی کە بڕیاری داوە و فەرمانی کردووە ، وە کەسی فەرمان پێکراویش لەڕووی شەرعەوە عیبادەت و بەندایەتی بۆ الله بکات ...

3) وە ئەو ووتەیەی کە فەرمووی :
(هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيّاً)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی الله سبحانە وتعالی ی تێدایە لە ناوە جوان و پڕ شکۆکانی وە صیفاتە بەرزەکانی ، مطابقە لە یەکەمیاندا و لە دووەمیشیاندا لەخۆی گرتووە ، جا ئا لەمەدا هیچ ناوێکی هاوشێوەی ئەو نییە ، وە هیچ لەیەکچوون و هاوچەشنێکی نییە ، وە هیچ هاوتا و هاوشێوەیەکی نییە ، بەڵکو تاک و تەنهایە لە

کمال ـی مطلق و ڕەها لە هەموو ڕوویەک و إعتباراتێک .

وانـەی دووەم

دووەم : جۆرەکانی تەوحید

تەوحید دەبێتە سێ جۆر :

1) **بە تەنها الله پەرستی لە پەروەردگاری ـدا (توحید ربوبية)**

2) **بە تەنها الله پەرستی لە پەرستنیدا (وتوحید ألوهية)**

3) **بە تەنها الله پەرستی لە ناوەکانی و صیفاتەکانی (وتوحید أسماء وصفات)**

جۆری یەکەم :

بە تەنها الله پەرستی لە پەروەردگاری ـدا (توحید الربوبية)

لە ڕووی زمانەوانیدا :

الرب اسم ـی الفاعل ـی پێ مەبەستە کە ئەویش (راب) ـە ، دەگوترێت (رب الولد) واتە : سەرپەرشتیاری منداڵەکەی کرد ، ئاگاداری بوو سەرپەرشتیار و گەورەکەی بەوەی کەوا خواردنی پێ ئەدات و گەورەی ئەکات و پەروەردەی ئەکات ئا ئەوە سەرپەرشتیارە ، وە مـــــــــــــــنـــــــــــــــداڵەکـــــــــــــــەش پـــــــــــــــەروەردە کـــــــــــــــراوە .

إبن الأنباري فەرموویەتی :

الرب بۆ سەر سێ بەش دابەش دەبێت :

(يكون الرب : المالك ، ويكون الرب : السيد المطاع ، ويكون الرب : المصلح)

وە لە ڕووی شەرعەوە :

بریتییە لە بە تاک دانانی الله تعالى لە کردارەکانیدا لە درووست کردن و دەسەڵات و بەڕێوەبردن .

*** جا بە تاک دانانی الله تعالى لە درووستکردنیدا ، ئەوا ماناکەی واتە: بێگومان الله تعالى لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاک و تەنها الخالق و بەدیهێنەرە ، بێجگە لە الله هیچ خالق ـێکی تر نییە ،**

الله تعالى دەفەرموێت :
{ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ }

واتە : خـودا بەدی هێنەری هەموو شتێکە ، وە هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە
[سورەتی الزمر : 62 ـ تەفسیری پوختە]

* وە بەڵام بە تاک دانانی الله تعالى لە دەسەڵاتیدا ، ئەوا ماناکەی واتە : بێگومان الله تعالى لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاک و تەنها دەسەڵاتدارە ، وە بێجگە لە الله هیچ دەسەڵاتدارێکی تر نییە ،

الله تعالى دەفەرموێت :
(قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ)

واتە : بڵێ ئەی خـودای خاوەنی دەسەڵات ، دەسەڵات دەدەیت بە هەر کەسێک کە بتەوێت ، وە دەسەڵات ئەسێنیتەوە لە هەر کەسێک کە بتەوێت .
[سورەتی آل عمران: 26 ـ تەفسیری پوختە]

* بەڵام بە تاک دانانی الله تعالى لە بەڕێوەبردندا ، ئەوا ماناکەی واتە : بێگومان الله تعالى لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاک و تەنها بەڕێوەبەرە ، وە بێجگە لە الله هیچ بەڕێوەبەرێکی تر نییە ،

الله تعالى دەفەرموێت :
إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُدَبِّرُ }
{ الْأَمْرَ مَا مِنْ شَفِيعٍ إِلَّا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ

واتە : بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتەیە کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لەشەش ڕۆژدا ، پاشان چوویە سەر عەرش (باوەڕمان پێیەتی بەڵام چۆنیەتێکەی نازانین) خـودا هەموو کارو بارەکان هەڵدەسوڕێنێ هیچ تکاکارێك نییە

(بۆ کەس) مەگەر لەپاش ڕێگەدانی ئەو (خـودا) ئەو زاتە پەروەردگاری ئێوەیە ، کـــــــەواتە هـــــــەر ئـــــــەو بپـــــــەرستن دەی ئایا ئێوە بیر ناکەنەوە .
[سورەتی یونس: 3 ـ تەفسیری پوختە]

جۆری دووەم :

بە تەنها الله پەرستی لە پەرستنیدا (توحيد الألوهية)

لە ڕووی زمانەوانیدا : (الأُلوهية) چاوگی (أَلَه يَأْلَه)

الجوهري دەفەرموویت :

(أله إلاهةً) واتە : بە عیبادەت بەندایەتی الله ـی کرد ، وە لەمەشدا إبن عباس خوێندیەوە :

(ويذرك وإلاهَتِكَ قال وعِبَادَتِكَ) بەڵام لەفزی (الجلالة) (الله) ئەوا وەرگیراوە لە

(أَلَه يأْلَه إلاهَة) جا بنچینەی ناوی (الإله) ـە ، کە هەمزەکە حەذف کراوە ، وەلامی یەکەم دەغمی لامی دووەم کراوە ، جا وتراوە (الله) ، الجوهري فەرموویەتی : لەمەدا کە دەڵێین (الله) بنچینەکەی (إله)ـە ، بە مانای (پەرستراو) دێت لەسەر وەزنی (فِعَال) بە مانای (مَفعُول) واتە (معبـود) ، وەک ئەو ووتەیەمان کە دەڵێین

(كِتَاب) بە مانای (مكتوب) لەسەر وەزنی (فِعَال) بە مانای (مفعول) دێت .

لە ڕووی شەرعەوە :

بریتییە لە بە تاکدانانی الله تعالى لە عیبادەت و بەندایەتی کردنیدا لە حوكم و ڕێ و ڕەسـمەکانی بـەندایـەتی و ولاء و دۆستـایەتـیـدا .

* جا بە تاکدانانی الله تعالى لە حوكم كردنيدا ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە الله تعالى لە حەقیقەتدا بە تاک و تەنها هەر خۆی حاکم ـە ، بێجگە لە الله هیچ حاکم ـێکی تر نییە ، جا نابێت شوێن هیچ حوکمێکی تر بکەویت تەنها شەرعەکەی ئەو نەبێت ، وە حوکم و دادوەری بۆ هـیچ بەرنامـەیەکی تر نابـێت بگەڕێنرێتەوە تەنـها بۆ

شـەرعـەکـەی ئـەو نـەبـێـت ، الله تعالى دەفەرموێت :

{ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ }

واتە : بێگومان بڕیار تەنها بۆ خودایە فەرمانی داوە لەو (خودا) هیچ شتێ نەپەرستن . ئەوەیە ئاینی ڕاستی دامـەزراوی نـەگـۆڕاو بەڵام زۆربـەی خەڵکی نازانن .

[سورەتی یوسف : 40 ـ تەفسیری پوختە]

* بەڵام بە تاکدانانی الله تعالی لە قوربانی و تەواوی ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە لە حەقیقەتدا الله تعالی هەر خـــۆی بە تاک و تەنها پەرستراوە ، بێجگە لە الله هیچ پەرستراوێکی تر نییە ، جا هیچ بەنـــدایەتیەک ئەنجام نادرێت لە هەموو درووشمـــــەکانی بـــەندایەتیدا تەنـــها بۆ الله نەبێت بە تاک و تەنها .

الله تعالی دەفەرموێت :
(قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ)

واتە : ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ : بێگومان نوێژ و (بەندایەتی) و قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆ خـودای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ★ هیچ هاوبەشێکی نییە و هـەر بـەوە فەرمانـم پێ دراوە ، وە من یـەکەمی هەموو فەرمانـــبەرانم بۆ خـــودا .
[سورەتی الأنعام: 162, 163 ـ تەفسیری پوختە]

* بەڵام بە تاکدانانی الله تعالی لە ولاء و دۆستایەتیدا ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە الله تعالی لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاک و تەنها ذاتی الله خۆشویستراوە ، وە بێجگە لەو هیچ خۆشویستراوێکی تر هاوشێوەی ئەو نییە ، جا دۆستایەتی و دژایەتی نییە تەنها لە پێناوی الله نەبێت ، وە نابێت کەس سەربخستریت و یارمەتی بدرێت تەنها ئـــەوانەی شوێنی بەرنامەکەی کەوتوون ، وە نابێت شوێنکەوتە و ملکەچی هیچ شتێک بیـت تەنها ئـــەو بـــەرنـامـــــەیـەی کـــــە الله ویســـــتی لـــەســـــەرە ،

الله تعالی دەفەرموێت :
{ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ }

واتە : وە کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خـودا پەیدا دەکەن ، خۆشیان دەوێـــــن وەک خـــۆشـــەویـســـتـــی ئـیـــمـــانـداران بـــۆ خـــــــودا .
[سورەتی البقرة : 165]

وە هەروەها الله تعالی دەفەرموێت :
{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ }

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و خۆتان مەکەن بە دۆستی خـــــۆتـــــان ، دۆســـــتـــــایـــەتـــی خـــۆتانیـــان بۆ دەنێرن .
[سورەتی الممتحنـة : 1]

وە هەروەها **الله تعالى** دەفەرموێت :

{ **أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ** }

واتە : تـــۆی یاریدەدەرو کارسازمان کەواتە ســـەرمان بخە بەسەر گەلی بێ بڕوایاندا .

[سورەتی البـقـرة: 286]

وە هەروەها **الله تعالى** دەفەرموێت :

{ **اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ** }

واتە : پەیڕەوی ئەوە بکەن کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە هێنراوەتە خوارەوە بۆتان ، وە بێجگە لە ئەو (خـودا) شوێن هیچ دۆست و پەرستراوانێك تر مەکەون ئێوە زۆر کەم بیر دەکەنەوە .

[سورەت الأعراف: 3 ـ تەفسیری پوختە]

جۆری سێیەم :

بە تەنها الله پەرستی لە ناوەکانی و صیفاتەکانی (توحید الأسماء والصفات)

لە ڕووی زمانەوانیدا :

جیاوازی هەیە لە نێوان مانای نـــاو (الإسم) لەگەڵ مانای سیـــفـەت (الصّفة) :

ناو لە ڕووی زمانەوانیدا : بریتییە لە لەفزێکی دانـــــراو کە بۆ مانایەکی دیاریکراو بێت یان بۆ جیاکردنەوەی شتێک بێت ، یان هەر دەلالەت بکاتە سەر خودی کەسێک ، وە هـــەموو ئەوانـــــــەشی کە پـــێیەوە هـــــــــەڵـــساوە لە سیفـــــاتەکـــــــــان .

سیفەت لە ڕووی زمانەوانیدا :

بریتییە لە هەموو ئەو سیفەتانەی کە لە کەسێکدا هەیە ، لەوەی کە جودای دەکاتەوە لە غەیری خۆی لە کارو بارەکانی کەســـێتی ، وەک : [هـــــەردوو دەستەکان و ڕووخسار و چاو و پەنجەکان] یان مەعنەوی وەک : [زانست و ئیرادەت و ژیان و توانا] یان کرداری وەک [دانیشـــــتن و هەســـــتان و درووست کردنی شتێـــک و بە دەستهێـــــنانی ڕۆزی]

لە ڕووی شەرعـەوە :

بریتییە لە بە تاک دانانی الله سبحانه وتعالی بەو ناوانەی کە الله تعالی لە خۆی ناوە وە لەم وەسفانەی کە خۆی پێ وەسف کردووە لە کتێبەکەی یان ئەوەی کە لەسەر زمانی پەیامبـــــــەرەکەی هاتووە ، چەسپاندنێک بە بێ لێکچواندن و بە بـــێ پرسیار کردن لە چۆنیەتیەکەی ، وە بە پاک ڕاگرتنێک بە بێ ڕەت کردنەوە (تعطیل) وە بە بێ شێواندن (تحریف) .

*** جا بە تاک دانـــــانی الله تـــعالـــــی بەو ناوانەی کە لە خۆی ناوە وە یان ئەوەی کە پەیامبـــــــــەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) بەم ناوانەی کە نـــــــاوی ناوە ، بۆ ئەمەش**

ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت :

(وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)

واتە : هەر بۆ خـودایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان ، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دوعا و نزا بکەن و هانا و هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن ، واز بهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خـودادا لادان دەکەن و (سیفەت و ناوەکانی خـودا بەکاردەهێنن بۆ غەیری

خـودا) ، لە ئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدا .
[سورەتی الأعـراف: ١٨٠ ـ تەفسیری ئاسان]

* بەڵام بە تاک دانانی الله تعالی بەو وەسفانەی کە خۆی پێ وەسف کردووە وە ئەو وەسفانەشی کە پەیامبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) وەسفی پێی کردووە ، بۆ ئەمەش ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت :

{ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الْأَعْلَى وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)

واتە : سیفەت و ناونیشانی ناشرین و نزم و خراپ شایستەی ئەوانەیە کە باوەڕ بە قیامەت ناکەن ، خـودای پەروەردگاریش خاوەنی هەموو سیفاتی بەرز و بڵند و پیرۆزە و ئـەو زاتـە هـەر خـۆیـشـی باڵادەسـت و دانـایـە .
[سـورەتـی النـحل : 60 ـ تەفسیری ئاسان]

وە (المثل الأعـلی) بریتییە لە وەسفی بەرز و بڵند ، چەسپاندنێک بە بێ لێکچواندن و بە بێ پرسیار کردن لە چۆنیەتیەکەی ، وە بە پاک ڕاگرتنێک بە بێ ڕەتکردنەوە و بە بێ شێواندن .

بۆ ئەمەش ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت :

{ ليسَ كمِثْلِهِ شيءٌ وهُو السَّميْعُ البَصِير }
واتە : هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەو زاتە ، هیچ شتێك لەو ناچێت (چونکە خـودایە و بەدیهێنەرە ، چـۆن لە بەدیهێـنراوەکانی دەچـێت) هەر ئـەویش بیسەر و بینایە .
[سورەتی الشـوری : 11 ـ تەفسیری ئاسان]

جا ئەو ووتەیەی الله تعالی کە فەرمووی :

(ليس كمثله شيءٌ) وەڵامێکـە بۆ ئەهـلی لێکـچوێنەرەکان (التمثيل) ، وە ئەو ووتەیەشی کە فەرمووی : (وهو السميع البصير) وەڵامێکە بۆ ئەهلـی نەفی کارەکان و پەکخەرەکان (التعطيل) .

وانـەی سێـیـەم

سێـیـەم : ڕوکنەکانی تەوحید :

تـــەوحـــیـــد دوو ڕوکـــنـــی هـــەیـــە جـــێـــبەجـــێ نـــابێت ئیـــللا بەم دووانـــە نەبـــێـــت ، ئـــەم دووانـــەش بـــریـــتـــیـــن لـــە :

[النفي والإثبات]

[ڕەت کردنەوە و جێگیر کردن]

واتە : ڕەتـــکـــردنـــەوەی حوکـــمە لـــەوەی بێـــجـــگـــە لـــە بە تـــاک دانـــراو جێـــگیر کـــراوە ، وە جـــێـــگـــیـــر کـــردنـــیـــەتـــی بـــۆ بـــە تاک دانراو (کە الله یـە)

الله تعالی دەفەرموێت :

{ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا }

واتە : ئینجا هەر کەس لە ڕێی بێ بڕوایی بگەڕێتەوە (بێ باوەڕ بێ بە هەر پەرستراوێک جگە لە خـودا) وە بڕوا بهێنێ بە خـودا ئەوە بێگومان بە توندی دەستی گرتووە بە دەستەگییرەیەکی قایمی بەهێزی وا (کە ئیسلام ، یان ئیمانەکەیەتی) کە پچڕان و بەربوونی بۆ نییە ، وە خـودا بیسەری زانایە .

[سورەتی البقرة : 256 ـ تەفسیری پوختە]

جا الله سبحانه وتعالی بۆ دەستگرتن بە (العروة الوثقی) کە لا إله إلا الله یان تەوحید یان ئیسلام ـە ، کردوویەتی بە دوو ڕوکن ، دەستگرتن پێی تەواو و کامل نابێت ئیلا بە هەردووکیانەوە نەبێت ، جا لەمەشدا (مَن) واتە : هەر کەسێک کە لە ووتەکەی الله هاتووە (فَمَنْ) کە ئەویش ئەداتی شەرتە دوو فعل جەزم دەکات یەکەمیان پێی دەگوترێت فعلی شەرت وە دووەمینیشیان پێی دەگوترێت جوابەکەی و جەزایەکەی ، جا حصولی فعلی یەکەم مەرجە بۆ حصولی فعلی دووەم ، حصولی فعلی دووەمیش وەستاوە لەسەر حصولی فعلی یەکەم .

جا فعلی شەرت لێرەدا ووتەی الله تعالی ـیە کە فەرموویەتی :

(فمن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ)

جا (یکفر) ئەوە فعلی شەرتە ، پاشان عەتفی خراوەتە سەر (یؤمن) جا حوکمەکەی

وەرگیراوە لە ڕووی لەفزەوە ، وە ماناکەشی جزم لە ڕووی لەفزەوە وە چووەتە سەر فعلی شەرت لەگەڵ ئەمەشدا ، أما لێرەدا جواب شەرت و جزائەکەی ئەوا ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت : (اسْتَمْسَكَ) واتە : دەستگر پێی کە (الْعُرْوَةِ الْوُثْقَى)ـیـە ، کە ئەویش . بریتییە لە لا إله إلا الله یان تەوحید یان ئیسلام هەروەکو چۆن لە پێشەوەدا باسکرا

روکنی یەکەم : دانپیانەنان و ڕەتکردنەوە (النفي) (الكفر بالطاغوت)

وە کوفر کردن بە طاغوت سێ ئومور لە خۆی دەگرێت .

* کوفر کردن لە پەرستنیدا .

* وە کوفر کردن لە پەروەردگاریدا .

* وە کوفر کردن لە ناو و سیفاتەکانیدا کە تایبەتی کردووە بە خۆیەوە ،

وە بۆ هەرسێ لەم سیفەتانەش بەمانەی خوارە تەواو دەبێت :

1) جا سیفەتی کوفر کردن لە پەرستنی طاغوت ئەوا سیفەتەکەی ئەوەیە کە :

بیرو باوەڕت وابێت کە عیبادەت بۆ غەیری الله باطل ـە ، وە وازی لێ بهێنرێت ، وە ڕقی لێی ببێتەوە ، وە تەکفیری ئەهلەکەی بکات و دژایەتیان بکات ، جا ئەویش هەروەکو چۆن دەیبینین کە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەش :

یەکەم : عیبادەت بۆ کردنێکی تەواو لە بەندایەتی کردنی طاغوت بۆ طاغوت ، جا ئەمەشیان سێ ئومور تێیدا واجبە ، بیروباوەڕ بوون بە باطلیەتی لەگەڵ وازلێ هێنانی لەگەڵ ڕق لێ بوونەوەی .

دووەم : ئەهلی ئەو عیبادەتانەی کە بۆ طاغوت ئەنجام ئەدرێت کە بە تەواوی و دڵسۆزیەوە ئەو عیبادەتانەی بۆ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی طاغوت و بە غەیری حەقیشە ، بۆیە هەرکەسێک بەندایەتی طاغوتی کرد ئەو عیبادەتەی کە پێویستە بۆ غەیری الله ئەنجام نەدرێت ، ئەوا ئەم دوو کارە تێیدا واجب دەبن تەکفیر کردنیان و دژایەتی کردنیان .

2) وە بەڵام سیفەتی کوفر کردن لە پەروەردگاریەتی طاغوت ئەوا سیفەتەکەی ئەوەیە کە باوەڕت وابێت پەروەردگاری لە غەیری الله باطل و پووچە ، وە هەروەها باوەڕت وابێت واجبە دوور کەوتنەوە لێی و ڕق لێ بوونەوەی و تەکفیر کردنی ئەهلەکەی و دژایەتی کردنیان ، جا ئەویش هەروەکو دەیبینین کە دابەش دەبێتە سەر دوو بەش :

یەکەم : (الربوبیة) پەروەردگاریەتی طاغوت ئەو بیرو باوەڕەیە لە بە پەروەردگار زانینی طاغوت لە طاغوتدا ، جا ئەوەیان تێیدا واجبە سێ کارو بار ، بیرو باوەڕ بوون بەوەی کە باطل و پووچە لەگەڵ واز لێ هێنانی لەگەڵ ڕق لێ بوونەوەی .

دووەم : ئەهلی ئەو پەروەردگاریە لە طاغوت ، ئەوەی کە بیرو باوەڕی پەروەردگاری تێدایە لە ڕازی بوون و بە ناحەقیشە ، وە بە پەروەردگار دانانی طاغوت ئەوەی کە بیرو باوەڕی وایە کە ئەو پەروەردگاریە هەیە لە غەیری الله ، جا ئەم دووانەش تێیدا واجبە دوو کارو بار ، تەکفیر کردنیان و دژایەتی کردنیان .

3) بەڵام سیفەتی کوفر کردن بە ناو و سیفاتەکانی طاغوت ، ئەو ناوەی کە لە خۆی ناوە یان ئەو سیفەتەی کە خۆی پێ وەسف دەکات کە لە تایبەتمەندیەکانی الله تعالی ـیە ، ئەوا سیفەتەکەی ئەوەیە کە بیرو باوەڕت وابێ کە ئەو ناو و سیفەتانەی لە خۆی ناوە لە غەیری الله باطلە بەوەی کە تایبەتە بە الله تعالی ، جا واجبە واز لێ هێنانی و ڕق لێ بوونەوەی و تەکفیر کردنی ئەهلەکەی و دژایەتی کردنیان .

جا ئەویش هەروەکو چۆن دەیبینین دابەش بووەتە سەر دوو بەش :

یەکەم : ناو نان و وەسف کردن لە غەیری الله تعالی بەو ناو و سیفەتانەی کە تایبەتە بە الله ، جا ئەوەشیان تێیدا واجبە سێ کارو بار ، بیرو باوەڕ بوون بەوەی کە باطل ـە لەگەڵ واز لێ هێنانی لەگەڵ ڕق لێ بوونەوەی .

دووەم : ئەهلی ئەو ناو لێ نانە و ئەو وەسفەی کە لە طاغوت نراوە ، کە ئەو ناو و سیفەتەی کە لە خۆی ناوە تایبەتە بە الله تعالی ، وە پێشی ڕازیە و بە غەیری حەقیشە ، وە هەرکەسێک طاغوت بە پیرۆز دابنێت ، بەوەی کە ناوی لێ نێت یان وەسفی بکات بە ناحەق لە غەیری الله بەو ناو و وەسفانەی کە تایبەتە بە الله ، ئەوا دوو کارو بار تیایاندا واجب دەبێت تەکفیر کردنیان و دژایەتی کردنیان .

وانەی چوارەم

ڕوکنی دووەم : (الإثبات) جێگیر کردن و چەسپاندن (ی ئیمان هێنان بە الله)

ئیمان هێنان بە الله سێ کارو بار لە خۆی دەگرێت :

* ئیمان هێنان لە پەرستنیدا (الألوهية)

* ئیمان هێنان لە پەروەردگاریدا (الربوبية)

* ئیمان هێنان لە ناو و سیفاتەکانیدا (الاسماء والصيفات)

وە بۆ هەر یەک لەم سێ کارو بارەش سیفەتێکی هەیە کە بەهۆی ئەو سیفەتەوە تەواو و کامل دەبێت ئیمان هێنانەکە ، ئەویش ئەمانەی خوارەوەیە :

1) جا سیفەتی ئیمان هێنان لە پەرستنی الله تعالی ـدا ، ئەوا سیفەتەکەی بریتییە لە : بە تاک دانانی الله تعالی لە عیبادەت و بەندایەتی بۆ کردنیدا لە حوکم و فەرمانڕەوایەتی و ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی و ولاء و دۆستایەتی .

2) وە بەڵام سیفەتی ئیمان هێنان بە پەروەردگاریەتی الله تعالی ـدا ، ئەوا سیفەتەکەی بریتییە لە : بە تاک دانانی الله تعالی لە کردارەکانیدا لە درووست کردن و دەستەڵات و بەڕێوەبردن ـدا .

3) وە بەڵام سیفەتی ئیمان هێنان بە ناو و سیفاتەکانی الله تعالی ـدا ، ئەوا سیفەتەکەی بریتییە لە : بە تاک دانانی الله سبحانه وتعالی لەو ناوانەی کە لە خۆی ناوە وە لەو وەصفانەی کە خۆی پێ وەصف کردووە ، ئەوانەی کە لە کتێبەکەی ـدا هاتووە یان لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی هاتووە ، جێگیر کردنێک بەبێ لێکچواندن وە بەبێ پرسیارکردن لە چۆنیەتیەکەی ، وە بە پاک ڕاگرتنێک بەبێ ڕەتکردنەوە و بەبێ شێواندن و لادان ..

وە ئیمان هێنان بەم سێ کارو بارە شتێک لێی پێویست دەبێت وە لەو شتەش دوو شتی تر لێی بە پێویست دادەنرێن :

1) جا ئەو شتەی کە لێی پێویست دەبێت بریتییە لە : ئیمان هێنان بە هەبوونی الله تعالی ، چونکە عەقڵی هیچ کەسێک ناتوانێت ئیمان بهێنێت بە پەروەردگاریەتی و بە پەرستنی و بە ناو و سیفاتەکانی الله تعالی ئەگەر لە سەرەتادا ئیمان نەهێنێت بە هەبوونی الله تعالی .

2) بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەو شتە بە پێویست دادەنرێت بریتییە لە : (تصدیق الخبر وامتثال الطلب) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمەش :

أ - قسەکردن لە (الربوبیة والاسماء والصفات) لە بابی خەبەرە ئەسوڕێتەوە لەنێوان : نەفی کردن و جێگیرکردن لەپێش قسەکردن وە لەبەرامبەر لە بە ڕاستدانانە یان بەڕاست دانەنانە لە پێش مخاطب ، وە واجبە لەسەر بەندەکان لەبەرامبەر ئەو خەبەرەی الله و پەیامبەرەکەی داویانە ملکەچ بن و بەڕاستی دابنێن لەسەر ئەو مەبەستەی الله تعالی هەیەتی و پەیامبەرەکەی هەیەتی ، واتە : لە غەیری نەفی کردن ، وە نە ڕەخنە لێ گرتن وە لە غەیری شێواندن و لادان لێی وە نە پرسیار کردن لە چۆنیەتیەکەی ،

لەبەر ئەم ووتەیەی الله تعالی کە فەرموویەتی :

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ)

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام بن لەسەر ئەو باوەڕەی کە هێناوتانە بە الله و پەیامبەرەکەی و بەو کتێبەش کە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەر پەیامبەرەکەی وە بەو کتێبانەش کە لە پێشووتردا دایبەزاندووە .

[سورەتی النساء: 136]

ب- وە قسە کردن لە (الالوهية) لە بابی طلب ـە ئەسوڕێتەوە لەنێوان ئەمر و نەهی لە پێش قسەکردن و لەبەرامبەر لە گوێڕایەڵی کردن و سەرپێچی کردنە لەپێش مخـــاطب ، وە واجبە لەسەر بەندەکان لەبەرامبەر طلب ـی الله و پەیامبەرەکەی گوێڕایەڵی بکەن لەسەر ئەو مەبەستەی کە الله تعالی هەیەتی و پەیامبەرەکەی هەیەتی ، لە غەیری غلو کـــردن تـــێـــیـــــدا وە نە کـــەمـــتـــــەرخـــــەمـــــــــی کـــــردنیش تـــێـیـدا .

لەبـــــەر ئـــــــــەو ووتـــەیـــەی الله تعالی کـــــــە دەفـــــەرمـــــوێت :

{ يَـــا أَيُّـــــــهَا الَّذِينَ آَمَنـــُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُـــــولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنْتُمْ تَسْـــمَعُونَ}

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی الله و پەیامبەرەکەی بکەن و پشـــتـــی لێ مـــەکـــەن ، لەکـــاتێکیشدا ئێوە تێدەگـــەن و دەبـیـــســـتـــن .

[سورەتی الأنـفال : ٢٠]

فراوان کردن و بوونی بەڵگە لەسەر هەردوو ڕوکنی تەوحیدی الألوهية :

الله تعالی دەفـــەرمـــوێـــت :

{فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا}

واتە : جا هەرکەسێک کوفر بکات بە طاغوت و باوەڕی بە طاغوت نەبێت وە ئیمان بهێنێت بە الله ئەوا بێگومان دەستی گرتووە بە دەستگیرەیەکی زۆر بەهێز و پتەو کە هەرگیز پچڕانی بۆ نییە .

[سورەتـــی البقـــرة: 256]

وە الله تعالی دەفەرمـــوێت :

{ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ }

واتە : سوێند بە الله بەڕاستی لەناو هەموو ئومەتێکدا نێردراوێکمان ناردووە بۆ ئەوەی بە ئومەتەکەی خۆیان ڕابگەیەنن کە الله بە تاک و تەنها بپەرستن وە خۆشیان بەدوور بگرن لە پەرستنی هەموو طاغوتێک .

[سورەتی النحـل : 36]

جا بەڵام مانای جێگیر کردن (الإثبات) ئەوا بریتییە لە :

جێگیرکردن و چەسپاندنی (الألوهية) بۆ الله تعالى ، واتە : بە تاک دانانی الله تعالى لە پەرستن و بەندایەتی بۆ کردنیدا ، واتە : ئەنجامدانی هەموو جۆرە عیبادەتەکان بۆ الله تعالى لە حوکم کردن و فەرمانڕەوایەتیدا وە لە تەواوی ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی وە ولاء و دۆستایەتی کردن ، جا لە تەحقیق گردنی ئەم بەشە بریتییە لە : بەتاک دانانی الله تعالى لە حوکم کردنیدا لە ڕووی یاسا دانان و دادوەری کردن ، بەوەی کە : شوێنی شەرعی الله بکەویت وە حوکم و دادوەری بگەڕێنیتەوە بۆ لای شەرعی الله ، وە هەروەها بە تاک دانانی الله تعالى یە لە ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی ، بەوەی کە هەموو بەندایەتیەکان بە تاک و تەنها بۆ الله ئەنجام بدرێت ، وە هەروەها بە تاک دانانی الله تعالى لە ولاء و خۆشەویستن و دۆستایەتی کردندا ، بەوەی کە : خۆشویستنی لە پێناوی الله بێت وە ڕق لێ بوونەوەشی لە پێناوی الله بێت ، وە . دۆستایەتی بکات لە پێناوی الله وە دوژمنایەتی بکات لە پێناوی الله

وە هەرکەسێکیش ئەو بەشەی تەحقیق نەکرد و نەیهێنایەدی کە بریتییە لە : شیرک و هاوبەش بڕیار دان بۆ غەیری الله لەگەڵ پەرستنی الله تعالى لە حوکم و فەرمانڕەوایەتی کردنیدا لەڕووی یاسا دانان یان دادوەری کردن ، بەوەی کە : شوێنی غەیری شەرعی الله بکەویت یان حوکم و دادوەری بگەڕێنیتەوە بۆ غەیری شەرعی الله تعالى ، یان شیرک و هاوبەش بڕیاردان بۆ غەیری الله لەگەڵ پەرستنی الله تعالى لە ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی ، بەوەی کە : هەر جۆرێک لە جۆرەکانی درووشمەکانی عیبادەت و بەندایەتی بۆ غەیری الله ئەنجام بدات ، یان شیرک و هاوبەش بڕیار بدات بۆ غەیری الله لەگەڵ پەرستنی الله تعالى لە ولاء و دۆستایەتی کردندا ، بەوەی کە : خۆشویستن و ڕق لێ بوونەوەی لە پێناوی غەیری الله بێت یان دۆستایەتی و دوژمنایەتی کردنی لە پێناوی غەیری الله بێت .

* جا ئەگەر شتێک لەمانەی بۆ خۆی ئەنجام ـدا ، بەوەی کە : حوکمی کرد بە غەیری شەرعی الله یان بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ پەرستنی خۆی لە شوێنی الله تعالى یان بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ دۆستایەتی کردن و دوژمنایەتی کردن لەپێناوی خۆیدا ، ئەوا ئەو کەسە طاغوتە ....!!!!

وە ئەگەر شتێک لەمانەی بۆ غەیری خۆی ئەنجام ـدا ، بەوەی کە حوکم و دادوەری گەڕاندەوە بۆ غەیری شەرعی الله ، وە یان عیبادەتی بۆ غەیری الله ئەنجام ـدا ، یان دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەپێناوی غەیری الله بێت ، ئەوا ئەو کەسە طاغوت پەرستە .

وانەی پێنجەم

بەڵام واتای (نەفی کردن و ڕەتکردنەوە)

ئەوا بریتییە لە : نەفی کردنی هەر پەرستراوێک کە دەپرسترێت بێجگە لە الله تعالی

بە نەفی کردنی ئەرکانەکانیشی :

1) هەرکەسێک کە غەیری الله دەپەرستێت وە پەرستراویش لە شوێنی الله ، ئەوا پێویستی بە تەکفیر کردنیان و دژایەتی کردنیان ئەبێت ، واتە : تەکفیر کردن و دژایەتی کردنی طاغوت و طاغوت پەرستەکەش ، بە جۆرەکانیشیان لەو سێیەی کە دەرمانهێنا لە بەشی جێگیر کردن کە باسمان کرد .

2) هەرکەسێک کە عیبادەت بە تەواوەتی بۆ غەیری الله ئەنجام ئەدات ، پێویستە (مرۆڤی موسلمان) بە بیروباوەڕی بە باطل و پووچی دابنێت وە وازی لێ بهێنرێت وە ڕقی لێی ببێتەوە ، جا هەرکەسێک تەحقیقی ئەو بەشەشی کرد ئەوا ئەو کەسە کوفری کردووە و دژایەتی کردووە بە هاوبەش دانان جا طاغوت بێت یان طاغوت پەرست بێت .

- وە هەرکەسێکیش تەحقیقی ئەو بەشەی نەکرد ئەوا کەسێکە کە کوفری نەکردووە یان دژایەتی نەکردووە بەرامبەر بە طاغوت یان طاغوت پەرستەکە .

الشیخ محمدی کوڕی عبد الوهاب دەفەرموێت :

سیفەتی کوفر کردن بە طاغوت بریتییە لەوەی کە بیروباوەڕت بە باطل و پوچەڵی عیبادەت کردنی غەیری الله هەبێت ، وە واز لە پەرستنی غەیری الله بهێنیت ، وە ڕقت لێی بێت ، وە تەکفیری ئەهلەکەی بکەیت وە دژایەتیان بکەیت .

الله تعالى دەفەرموێت :

(قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَداً حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ)

واتە : بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەر مەشقێکی جوان و چاک لە ئیبراهیم ـدا وە لەوانەشی کە لەگەڵیدا بوون ، کە بە گەلەکەی خۆیانیان گووت : بەڕاستی ئێمە بێزار و بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەش کە دەیانپەرستن لە شوێنی الله ، ئێمە کوفرمان کردووە بە ئێوە (و ئاینی ئێوە) ، وە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا سەریهەڵداوە دوژمنایەتی و ڕق و کینە بۆ هەمیشە تا کاتێک کە بڕوا بە تاک و تەنهایی الله دەهێنن .

[سورەتی الممتحنة : 4]

* وە بەڵگە هێنانیش لەسەر ئەو بەشە وەک ئەمانەی خوارەوەیە : کاتێک واتای تەوحید کە ئەو تەوحیدە وا دانانرێ تەنها بەو بەشەوەش نەبێ ، تەحقیق نابێت تەنها بە نەفی کردنی حوکم نەبێ لەوەی بێجگە لە بەتاک دانراو هەیە ئەویش هەرشتێکە کە دەپەرسرێت بێجگە لە الله ، وە جێگیر کردنی حوکمە بۆ بە تاک دانراو ئەویش الله ـیە کەواتە ئەمەیە واتای بە تاک دانانی الله لە پەرستنیدا یان لە بەندایەتی بۆ کردنیدا (کە : لا إله إلا الله ـیە) نەفی کردنی هەر پەرستن و بەندایەتیەک کە ئەنجام ئەدرێت بێجگە لە الله (بریتییە لە : لا إله) کە ئەویش بریتییە لە هەرشتێک کە دەپەرسترێت بێجگە لە بە تاک دانراو ، وە جێگیر کردنی ئەو پەرستن و بەندایەتیەش بۆ الله (بریتییە لە : إلا الله) کە هەر ئەویشە بە تاک دانراو , وە کاتێکیش ئەو پەرستنە یان ئەو بەندایەتی کردنە وا دانانرێت : مەگەر بەم سێ شتانەوە نەبێت کە بریتییە لە :

★ بەندایەتی کار (عابد)

★ وە پەرستراو (معبود)

★ وە ئەو عیبادەتەش کە بەندایەتی پێ دەکات بەندە بۆ پەرستراو .

کەواتە نەفی کردنی هەموو پەرستن یان هەموو ئەو بەندایەتی کردنانە کە بێجگە لە الله ئەنجام ئەدرێت تەحقیق نابێت تەنها بە نەفی کردنی ئەو سێ شتانەوە نەبێت واتە : بە نەفی کردنی بەندە کاتێک بەندایەتی ئەنجام ئەدات بۆ غەیری الله ، وە هەروەها نەفی کردنی پەرستراو کاتێک کە دەپەرسترێت بێجگە لە الله ، وە ئەو جۆرە عیبادەتانەش کە بەندە بۆ پەرستراوەکەی ئەنجامی ئەدات .

وە واتای نەفی کردن :

جێگیرکردن و چەسپاندنی هەموو ئەو نەفی یانە ، ئەو سێیەی کە لە دینەکەیدا نییە لەبەرئەوەی دینەکەی بەدڵنیاییەوە دەوەستێت لەسەر بەتاک دانانی عیبادەت و بەندایەتی بۆ الله بە تاک و تەنها ، وە لەوەشی کە پێویستە نەفی بکرێت ئەوەیە کە پەرستراوێکی تر دابنێت لە غەیری الله تعالی لە دینەکەیدا ، وە ئەمەش بەم واتایە دێت واتە نەفی کردنی ئەو کەسەی کە بانگەشە بۆ خۆی دەکات بۆ ئەو کارە (واتە : پەرستنی) وە نەفی کردنی ئەو کەسەشی کە بانگەشە بۆ غەیری خۆی دەکات بۆ ئەو کارە ، وە هەروەها نەفی کردنی ئەو شتەی کە ئەنجام دەدرێت لەلایەن ئەو بانگەشەکارە بۆ بانگەشە بۆ کراو .

وە ئەو نەفی یەش : چۆنیەتیەکی ڕێک و پێکی هەیە لە شەرع دا ئەو مانایە لەخۆ دەگرێت کە زمان قەراری کردووە و عەقڵیش قەڕاڕی کردووە لەسەر ئەو نموونانەی خوارەوە :-

یەکەم: بە نیسبەت موشریکانەوە (جا طاغوت بێت یان طاغوت پەرستەکە بێت)

1) پێویستی بە تەکفیر کردنیان دەبێت :

الله تعالی دەفەرموێت : (لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیبڕاهیم و ئەوانەشی کە لەگەڵیدا بوون)

{كَفَرْنَا بِكُمْ}

واتە : ئێمە بێ باوەڕین پێتان و کوفرمان پێتانەوە کردووە .

{فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ}

واتە : جا هەرکەسێک بێ باوەڕ بێت بە طاغوت و کوفر بکات بە طاغوت .

{قُـــلْ يَـــا أَيُّـهـــَا الْكَـافِـرُونَ}

واته : (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بڵێ : ئەی ئەوانەی کە کافر و بێ باوەڕن .

- جا لەم ووتەیەی الله تعالی کە فەرمووی: (كَفَرْنَا بِكُمْ) ئەوا تەکفیر کردنی طاغوت و طاغوت پەرستەکەی تێدایە ، لەبەرئەوەی ضمـیری مخـــاطـب لە ووتەکەی الله ـدا هەیە (بِـكُمْ) ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە پێشوو باسکرا لە ئایەتەکەدا ، کە ووتەکەی الله تعالی ـیە کە فـــەرمـــووی : (إِنَّا بُـــرَآءُ مِنْكُمْ) واته : عـــباد الطاغوت

وە ووتەکەی الله تعالی : (وَمِمَّا تَعْبُـدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ) ئەویش بە واتای طـــاغوت دێت

وە لەو ووتەیەی الله کە فەرمووی :

(فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ) ، تەکفیر کردنی طاغوتەکەی تێدایە ، کە ئەویش پەرستراوە لە شوێنی الله تـعـالـی ئەگەر هاتـوو ڕازی بـوو بەو عیبـــادەت بۆ کردنە ، لەبەر ئەوەی

الله تعالی لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت :-

(وَالَّـــذِيـنَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَـا)

واته : وە ئەو کەسانەشی کە خۆیان لە پەرستنی طاغوت پاراستووە و خۆیان لێی بە دوور گرتووە .

وە لەو ووتەیەی الله تعالی کە فەرمووی :

(قُـلْ يَا أَيُّهَا الْكَـافِرُونَ) ئەوا تـــەکـفـیـــر کردنی طـاغوت پەرستەکەی تێدایە ، وە ئەوانیش ئەو کەسانەنە کە بەندایەتی بۆ غەیری الله دەکەن ، لەبەرئەوەی الله تعالی لە دوای ئەو ئایەتە دەفەرموێت :

(لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ)

واته : هەموو ئەوانەی کە ئێوە دەیپەرستن من هەرگیز نایپەرستم .

2) وە هـــەروەها پێویســـتی بە ڕق لـێـبـوونـەوە و دوژمنـایەتی کردنیان دەبێت .

الله تعالی دەفەرموێت :

(وَبَـدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا)

واتە : وە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا سەریهەڵداوە دوژمنایەتی و ڕق و کینە بۆ هەمیشە تا کاتێک کە بڕوا بە تاک و تەنهایی الله دەهێنن .

جا لەم وتەیەی الله تعالی :

(وَبَـدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَـاءُ أَبَدًا)

ئەوا ڕق لێبوونەوە و دوژمنایەتی کردنی طـــاغـــوت و طـــاغوت پەرستەکەی تێدایە ، لەبەرئەوەی ضمـــیری مخاطـــب لە ووتەکەی الله تعـــالی هەیە : (وَبَيْنَكُمُ) ، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە پێشووتردا باســـکرا لە ئایەتەکەدا ، کە ئـــەویش ئەو ووتەیەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت : (إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ) واتە : طاغوت پەرستەکە ، وە لەوەشی کە الله تـــعالـــی فـــەرمووی : (وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ) واتە : طـاغوت .

دووەم : بـــه نـــیـــسبـــەت بـــۆ شیـــرکـــەکـــەیـــان :

1) پێویستە بە اعتقاد و بیروباوەڕ بە باطل و پووچی دابنێیت .

الله تعالی دەفەرموێت :

{ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْـإِسْلَامُ }

واتە : بەڕاستی دینی پەسەند کراو لەلای الله تەنها ئیسلامـــــــــــە .

{ لَكُـــــمْ دِينُكُـمْ وَلِيَ دِيـــنِ }

واتە : دینی خۆتان بۆ خۆتان ، وە دینی خۆشم بۆ خۆم .

جـــا لەم ووتەیەی اللـــه تعـــالی کە فەرمـــووی : (إِنَّ الـــدِّينَ عِنْـــدَ اللَّـــهِ الْإِسْـــلَامُ) ڕوونکـــــردنەوەی ئەوەی تێـــدایە کە هەر دینێـــک بـــێجگە لە دینـــی ئیســـلام باطـــل و پـــووچە ، وە کەواتە دینـــی ئیســـلام ئەو دیـــنەیە کە وەســـتاوە لەســـەر تەوحیـــد بـــۆیە هەر دینێکـــی تـــر لە غەیـــری دینـــی ئیســـلام وەســـتاوە لەســـەر شـــیرک بـــۆیە لە پـــاش ئیســـلامەوە ئەویـــتر هەمـــووی باطـــل ـە ، وە لەو ووتەیەی اللـــــه تعـــــالی کە فەرمـــــووی : (لَكُـــــمْ دِيـــــنُكُمْ وَلِيَ دِيـــــنِ) ڕوونکـــــردنەوەی ئەوەی تێـــدایە کە دینـــی پێغەمـــبەر (صـــلی اللـــه علیـــه وســـلم) ئەو دیـــنەیە کە ڕاگـــرەکەی تەوحیـــدە جیـــاوازە لەگەڵ دینـــی ئەوانەی کە لەگەڵـــی دواوە کە ئەویـــش ئەو دیـــنەیە کە ڕاگـــرەکەی شـــیرکە ، کەواتە بێگومـــان دینـــی پێغەمـــبەر (صـــلی اللـــه علیـــه وســـلم) بـــریتییە لە دینێکـــی صـــەحیح و ڕاســـت و درووســـت قطعیـــاً ، وە دینـــی ئەو کـــەســـانەشی کە لـــەگـــەڵـــی دوا بـــریتـــیـــیـــە لـــە دینـــێـــکی پـــووچ و باطـــل قطعیـــاً

2) وە پێویسی بە واز لێ هێنانی دەبێت :

{ أَنْ نَتْـرُكَ مَا يَـعْـبُـدُ آبَـاؤُنَا }

واتە : ئێمە وازبێنین لەوەی باوو باپیرانمان پەرستوویانە .!!

{ وَنَـذَرَ مَا كَـانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا }

واتە : لەو خودایانە وازبێنین کە باوو باپیرانمان ئەیانپەرستن ؟

* وە ڕوون و ئاشکرایە لە بەڵگەی ئەو دوو ئایەتە لەسەر واز لێ هێنانی **شیرک** کە پێویست بە ڕوونکردنەوە نیە .

3) وە پێویستی بە ڕق لێ بوونەوەی دەبێت :

رسول الله (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت :

(أَوْثَـقَ عُرَى الإِيمَانِ ، الْحَبُّ فِي اللَّهِ ، وَالْـبُغْضُ فِي اللَّهِ)

واتە : مەتینترین و پتەوترین پەتی ئیمان ، خۆشویستنە لە **پێناوی الله** ، وە ڕق لێ بوونەوەیە لە **پێناوی الله** .

لە کاتێکدا **الله تعالی** فەرمانی نەکردووە ئیللا بەوەی **خۆشی دەوێت** ، وە ڕێگری نەکردووە ئیللا لەو شتەی کەوا پێویستە **ڕقی لێی ببێتەوە** ، وە گەورەترینی ئەوەی کە **الله** فەرمانی پێی کردووە بریتییە لە **تەوحید** ، وە گەورەترین شتیش کە **الله** ڕێگری لێ کردووە بریتییە لە **شیرک** ، گەورەترینی ئەوەی کە **الله** خۆشی دەوێت **تەوحیدە** ، وە گەورەترینی شت کە **الله** ڕقی لێ دەبێتەوە **شیرکە** ، وە لەپاشاندا ئەوولاترین شتێک کە خۆشبویسترێت لە **پێناوی الله** بریتییە لە **تەوحید** ، وە ئەوولاترین شتێک کە **ڕقی** لێ ببێتەوە بریتییە لە **شیرک** وە ئەمەش شتێکی دیارە

* سوودێک لە چۆنیەتی دەلالەتی طـاغـوت لەسەر ئەو سیفەتانەی کە باسـکران :

بەڵگەکانی کوفر کردن بە طاغوت دابەش دەبێت بەسەر سیفەتی کوفر کردن پێی دابەش دەبێت بۆ دەلالەتی (المطابقة) وە دەلالەتی (اللزوم) ، وەک ئەمانەی خوارەوە :

یەکەم : بە نیسبەت بۆ موشریکەکان لە طاغـوتەکان و طاغـوت پەرستەکان ، ئەوا کـوفـر کردن بە طاغـوت دەلالەت دەکات بە (المطابقة) لەسەر یەکـەمـیـان وە لـەسـەر دووەمـیـنیـشیان دەلالەت دەکات بە (اللزوم) ، کە بوونی طاغوت لـێـی پێویست دەبێت بە هەبوونی طوغیانـەکەی و بە هەبوونی ئەوانەشی کە دەیپـەرستـن وە تەکفیر کردنی موشریکەکان و بیروباوەڕ بوون بە باطلیەتی شیرک (بیروباوەڕ بوون بە باطلـیەتی عیبادەت کردنی طاغـوت و تەکفیر کردنی طاغوت و بەندەکانی) ئەوە بریتییە لە نەفسی کوفـر کـردن بە طـاغـوت ، وە ئەمەش بە دەلالەتی (المطابقة)

دووەم : بە نیسبەت بۆ نەفسی شیرکـەکە ئەوا : کوفر کردن بە طاغوت دەلالەت لەسەری ئەکات بە (الـلـزوم) کە بوونی طـاغـوت وا تەصـەور ناکرێت بەبێ بوونی سیفەتی طوغـیـانـەکەی کە ئەویش بریتییە لە عـیـبـادەت بـۆ کردنـەکەی .

* وە پێویستە دڵنـیـابیت لەسەر ئەوەی کە پێویستە کـەلامی الله و کـەلامـی پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) بەڕاست دابنێی جا پێویستە ئەویش بە حـەق دابنێی لەبەرئەوەی کەلامی الله و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) حـەقـە بۆیە پێویستە حـەقـیش بە حەق دەبنێیت ، چونکە الله تعالى زانایە بەو شتەی کە دەبێت ، پێویستە لە کەلامی الله و کەلامی پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) بەم شێوەیە بیت کـە ئەوان مەبەستیانە .

* جا تەکفیر کردنی موشریکان و بیروباوەڕ بوون بە باطلیەتی شیرک (بیروباوەڕ بوون بە باطـلیەتی عیبادەت کردنی طـاغوت و تەکفیر کردنی طـاغوت و بـەندەکانی) ئەوە بریتییە لە نەفسی کوفر کردن بە طاغوت وە ئەمەش بە دلالـەتـی المـطـابـقـة .

وانەی شەشەم

بەڕاستی قورئـــانی پـیرۆز بەڕائەت و خۆ بەری کردنی لە موشـــریکەکان ئەوانەی کە طـــاغـــــوت پـــــەرســـتـــــن پێـــش خـــستووە بەســـەر خودی طاغـــوتەکـــەوە .

الله تعالی دەفەرموێت :

{ إِنَّا بُـــرَآءُ مِنْكُمْ وَمِـمَّا تَعْبُدُونَ }

واتە : بەڕاستی ئێمە بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەشی کە دەیپەرستن .

وە ووتەکەی الله تعالی کە فەرمووی :

(منـكم) **واتە :** لە طاغوت پەرستەکان ، وە ئەو ووتەیەی کە فـــەرمـــووی : (وَمِـمَّا تَعْبُدُونَ) **واتە :** لە طاغوتەکان ، بەم شێوەش لەم ووتەیەی الله تعالی دەفەرموێت :

{ وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُـدُونَ إِلَّا اللَّهَ }

واتە : (هەندێک لە یارانی ئەشکەوت بەوانی تریان گووت :) کە ئێوە بڕیارتانداوە خۆتان دوورە پەرێز بگرن لەم خەڵکە و لەوشتانەشی کە لە شوێنی الله دەیانپەرستن ، تەنها الله پەرستی بکەن .

[سورەتی الـكـهـف : 16]

وە بەم شێوەیەش لەم ووتەیەی الله تعالی دەفەرموێت :

{ وَأَعْتَزِلُـكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ }

واتە : (ئیبڕاهیم گووتی :) من خۆم دوورە پەرێز دەگرم لە ئێوە و لەو شتانەشی کە لە شوێنی الله دەیانپەرستن .

[سورەتی مریم : 48]

* وە ئەو پێشخستنەش دەلالەتێکی تەواو و گەورەی هەیە ، چونکە ئەگەر طـاغـوت پـــــــــەرســـــــتـــــەکان نـــــەبـــــن طـاغـــوتـــــیـــش نـــــابـــیـــت ..

* ناو نراوە لە عابد و بەندەی غەیری الله بە طاغوت پەرست یان بەندەی طاغوت ، وە پەرستـــراویش لە شوێـــنی الله ناوی طـــاغـــوتی لێ نراوە (وە لـــەفـــزی " المشركين " هـــاوبـــەشـــدانەران هەردووکی کۆ دەکاتەوە) ، وە ئەنجامدانی عیبادەت لەلایەن ئەو بـەندەیە بۆ ئەو پەرستراوە دەبێتە شیرک ، بـۆ لەفزیش **سێ دەلالەتی هەیە** .

1) دلالة المطابقة : بریتییە لە دەلالەتی لەفز و دەربڕین لەسەر هەموو ماناکانی .

2) دلالة التضمن : بریتییە لە دەلالەتی لەفز لەسەر هەندێک لە ماناکانی .

3) دلالة اللزوم : بریتییە لە دەلالەتی لەفز لەسەر ئەوەی کە پێویست دەبێت لە ماناکانی .

سودێک لە ڕوونکردنەوەی مانای الله و مانای طاغوت

یەکەمیان : لە مانای طاغوت ـدا

لە ڕووی زمـــانـــەوانـیدا : وەرگیـــراوە لە (طغا يطغى طغياً ، ويطغو طغياناً)

واتە : لە ئەندازە سنوور دەرچوون ، وە خۆی بە بەرز و بڵند ڕاگرت ، وە لە کوفریشدا لە سنوور دەرچوو .

إبـن فـــارس دەڵێت :

(طغى) (الطاء والغين والحرف المعتل أصلٌ صحيح منفاس) ، وە ئەویش بریتییە لە : بەزاندنی سنوور لە سەرپێچی کردندا ، دەگوترێت ئەو سنوور بەزێنە وە لافاوەکە سنووری بەزاند ئەگەر بە ئاوێکی زۆرەوە هات .

إبن منظور دەڵێت :

طاغوت ڕوودەدات بەسەر کەسێک و کۆمەڵێک ، وە لە المذكر و المؤنث ..

وە ئەصلی وەزنی طاغوت : (طَغَيُوت) ـە لەسەر وەزنی (فَعَلُوت) ، پاشان پێشخستراوە پیتی یاء لەپێش پیتی غَین وەک پارێزگاریەک لەسەر مانەوەی جا دەبێتە (طَيَغُوت) وە وەزنەکەشی (فَلَعُوت) ، پاشان پیتی یاء وەرگەڕێندراوە بۆ ئەلیف بۆ حەڕەکە دار کردنی و فەتحە دار کردنی پێشەکەی ئینجا بووەتە (طاغوت)

بەڵام کەوتنی بەسەر تاک ئەوا لەم ووتەیەی الله تعالى دایە کە دەفەرموێت :

{ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ }

واتە : دەیانەوێت کە حوکم و دادوەری بگەڕێننەوە بۆلای طاغوت ، لەکاتێکیشدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە کە کوفر بکەن پێی و بێ باوەڕ بن بە طاغوت .

* بەڵام کەوتنی بەسەر کۆمەڵێک ئەوا لە ووتەیەی الله تعالى ـدایە کە دەفەرموێت :

{ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ }

واتە : وە ئەوانەشی کە کافر و بێ باوەڕن طاغوت دۆست و یارمەتیدەریانە

وە بەڵام کەوتنی بەسەر المذكر ئەوا لەم ووتەیەی الله تعالى ـدایە کە دەفەرموێت :

{ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ }

وە بەڵام کەوتنی بەسەر المؤنث ئەوا لەم ووتەیەی الله تعالى ـدایە کە دەفەرموێت :

{ وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَا }

واتە : وە ئەو کەسانەشی کە خۆیان لە پەرستنی طاغوت پاراستووە و خۆیان لێی بە دوور گرتووە .

لە ڕووی شەرع ـەوە :

بریتییە لە هەر شتێک کە لە شوێنی الله تعالی دەپەرسترێت وە ئەویش ڕازی بێت بەو عـیـبـادەت بۆ کردنە ، جا بەڵام بەڵگە لەسەر ئەوەی کە هەر شتێـک لە شوێنی الله دەپـەرسـترێت ئـەوا ووتـەی الله تعـالی ـیە کـە دەفـەرموێت :

{ وَالَّـذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّـاغُـوتَ أَنْ يَـعْـبُـدُوهَا }

واتە : وە ئەو کەسانەشی کە خۆیان لە پەرستنی طاغوت پاراستووە و خۆیان لێی بە دوور گرتووە .

بەڵام زیادەی ئەوەی کە پێیەوە لکاوە کە دەوترێت وە طاغوتەکەش ڕازی بێت بەو عـیبـادەت بۆ کردنە ئەوا بەڵگە لەسەری ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت :

{ إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُولَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ }

واتە : بێـگومان ئەوانەی لەلایـەن ئێمـەوە پێشتر بڕیار دراوە بۆیان بـەخـتەوەری (چـاکە هێنانـە ڕێـیـان) ئـەوانـە لـە دۆزەخ دوور دەخـرێـنـەوە .

جا الله سبحانه وتعالی جودای کردووەتەوە لە پەرستراوەکان ئەوانەی کە دەبنە سووتەمەنی دۆزەخ :

{ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ }

واتە : بەڕاستی ئێوە و ئەوانەشی کە دەتانپەرستن لە شوێنی الله ، ئەوا (دەبنە) سـووتـەمـەنی (هەڵگـیرسێـنەری) دۆزەخ ئێوە (و ئەوان) دەچنە ناوییەوە .

لە ئایەتەکەی پێشەوەدا کە بەڵێـنی ڕۆژێکی چاکیان پێدرابوو لە مـەلائیکەتەکان و پێغەمبەران و بەندە چاکەکارەکان ئەوانە بوون کە هەرگیز ڕازی نەبوون بە عیبادەت کـردنی خـەڵـکـی بـۆیـان .....

لە ڕووی پێناسەوە :

جیاوازی هەیە لە عیباراتەکانی سەلەف لە مانای طاغوت ، جا لەوان هەیە تەفسیری کردووە بە شەیتان ، وە لەوانیش هەیە تەفسیری کردووە بە صەنەم و بتەکان ، وە هەیانە تەفسیری کردووە بە ساحیر و جادووگەر ، وە لەوانیش هەیە تەفسیری کردووە بە کاهین و قەشەکان ، وە لەوانیش هەیە تەفسیری کردووە بە سەرکەش و یاخیەکانی ئەهلی کیتاب وە لەوانیش هەیە تەفسیری کردووە بە سەرکردە و گەورەکانی یەهود لە غەیری ئەمانەش ، وە ئەمەش هەمووی بەردەستە لە ڕاجیاوازی جۆراو جۆر نەوەک ڕا جیاوازی دژ بە یەکتر ، کە هەموو ئەمانە باسکراون دەچێتە ژێر دەقی ئایەت ، وە ئەویش بوونی ئەو شتانەیە کە لە شوێنی الله تعالی دەپەرسترێت .

لەبارەی ئەمەوە إبن تيمية دەفەرموێت :

هەموو لەوانەی کە باسدەکرێت لە ناوی گشتیەکە هەندێک لە جۆرەکانی لەبەر لێکچواندنەوە لەبەر بەئاگا هێنانەوەی گوێگرە لەسەر جۆرەکە نەوەک لەبەر حەددێکی مطابق بێت بۆ محدود لە گشتیەکەی و تایبەتیەکەی وە لەسەرووی ئەمانەشەوە ئەوا کۆمەڵێک لە زانایان ڕوونیان کردووەتەوە لە تەفسیر کردنی طاغوت بە تەفسیری عام و گشتی ، وە ئەویش بریتییە : لە هەموو ئەو شتەی کە لە شوێنی الله تعالی دەپەرسترێت ، **لەوانیش :**

1) ئیمامی مالک دەفەرموێت :

طاغوت : بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە شوێنی الله عز وجل دەپەرسترێت .

2)

إبن جرير الطبري دەفەرموێت : وە صەواب لەو قسەیەی کە لەلای منە لەبارەی طاغوتەوە ، ئەوا هەموو خاوەن طوغیان و سنوور بەزێنێکە کە سنوور دەبەزێنێت بۆ سەر حەقی الله ، ئینجا دەپەرسترێت لە شوێنی الله جا یان بە ناچارکردنی طاغوتەکە بێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیپەرستێت وە یان بە گوێڕایەڵی کردن بێت لەلایەن ئەو کەسەی کە دەیپەرستێت .

* جا ئەم پەرستراوە مرۆڤ بێت یان شەیتان بێت یان پەیکەر و بتێک بێت یان صەنەم بێت یان هەر شتێک بێت .....

3) إبن القيم دەفەرموێت :

طاغوت : هەرشتێک بەندە بەهۆیەوە سنووری بەندایەتی ببەزێنێت لە پەرستن یان لە شوێنکەوتن یان لە گوێڕایەڵی کردن ، جا طاغوتی هەموو گەلێک ئەوانەنە کە حوکم و دادوەریان بۆلا دەگەڕێنرێتەوە لە غەیری الله و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) یان دەپەرسترێن لە شوێنی الله تعالى ، یان شوێنیان دەکەون بەبێ ئەوەی کە هیچ بەرچاو ڕوونیەک و بەڵگەیەک هەبێت لەلایەن الله عز وجل ـەوە ، یان گوێڕایەڵیان ئەکەن لە شتێکدا و نازانن ئەو گوێڕایەڵی کردنە تایبەتە و تەنها دەبێ بۆ الله بێت .

4) محمدی کوڕی عبد الوهاب دەفەرموێت :

وە طاغوت دەستەواژەیەکی گشتگیرە ، هەر شتێکە لە شوێنی الله تعالى دەپەرسترێت وە ئەویش ڕازیە بەو عیبادەت بۆکردنە ، جا لە پەرستنی بێت یان لە شوێنکەوتی بێت یان لە گوێڕایەڵی کردنی بێت لە غەیری گوێڕایەڵی کردنی الله و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) ئەوا طاغوتە ....

کـــۆتـــایـــی

دووەم : لە مـــــانـــــای الله ـــــــدا .

(الله) : بریتییە لە پەرستراوێکی بەندایەتی بۆ کراو بە حەق .

الله تعالی دەفەرموێت :

(ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ)

واتە : ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر الله هەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لە الله هاواری لـــێ دەکـــەن (و دەیـــپـــەرستن) هەر ئەوە بەتـــاڵ و نـــاڕاســت .

[سورەتی الـحج : 62]

* جا الله " عَلَـمٌ "ـە بۆ الـــرب تـــبارک وتعالی ، وە دەگـــوترێت : الله یەکێکە لە گەورەترینی ناوەکان ، کـــۆکـــەرەوەی تـــەواوی واتای ناوە جـوان و صیـــفـاتە بەرزەکانیەتی ، بەم شێوەیەش لەسەر ئەم قسەیە اشتقاقی دەبێتە وەصف لە بنچینەدا ، بەڵام " العَلَمِيَّة " بەسەریدا زاڵ بووە ، جا تەواوی ناوەکان هەم لەڕووی خەبەر ـەوە وە هـــــەم لە ڕووی وەصـــــفـــەوە لەسەر نـــــاوی الله دەڕۆن ، کە دەگـــــوترێـــت .

الله رحمنٌ رحيمٌ سميعٌ عليمٌ ، کـــمـــا يـُقـــــــــال: الله الرَّحمن الرَّحيم "

* وە ڕا جیاوازن کە ئایا " الله " ناوێکی جامـد ـە یان ناوێکی وەرگیراوە " مشتق " ـــــە ؟ ئـــەویـــش لەسەر دوو قـــــەولـــــە ، ڕاســـــتترینیان ئەوەیە کـــــە وەرگـــیراوە ,

وە ڕاجیاوازن لە اشتقاقـــەکەی بۆ چەند ئەقوالێک بەهێزترینیان ئەوەیە کە وەرگیراوە لە = أله يأله إلهة ، جا بنچینـــەی ناوی " الإله " ـە ، ئینجا هەمزەکە حەذف بـــــــووە

وە لام ـی یەکەمیش (دەغم - تیکهلکیش کراو) بووە لەگەڵ دووەم ـدا ، جا دەگوترێت الله ، وە لە بەهێزترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ووتەی الله تعالی ـیە کە دەفەرموێت :

{ وَهُوَ اللّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الأَرْضِ }

واتە : وە تەنها ئەو الله ـیە (باڵا دەست و پەرستراوە) لە ئاسمانەکان و لە زەویدا .

[سـورەتی الأنـعام: 3]

لەگەڵ ئەو ووتەیەی **الله تعالی** کە دەفەرموێت :

{ وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاء إِلَهٌ وَفِي الأَرْضِ إِلَهٌ }

واتە : وە ئەو (الله ـیە) زاتێکە پەرستراوە لە ئاسماندا وە پەرستراوە لە زەویدا .

[سورەتی الزخـرف: 84]

وە ماناکەی **واتە :** خاوەنی " الألوهية " کە نابێت ئەنجام بدرێت تەنها بۆ الله نەبێت .

إبن جرير الطبري دەفەرموێت :

جا لەسەر ئەوەی کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە إبن عباس ـەوە کە دەفەرموێت :

الله خاوەنی " الألوهية والعبودية " ـە لەسەر تەواوی درووست کراوەکانی .

کـۆتایی هات بە فەضلی الله تعالی

تەوحید

حەقی الله یە لەسەر بەندەکان

ئامادەکردنی :

دابان تەوحیدی

هيشام السني
DESIGN